السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# چی کردەوەیەک لە ئیسلامدا باشترین وچاکترینە؟ -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «خواردن ببەخشیت، وسەلام بکەیت لە هەرکەسێک بیناسیت یان نەیناسیت

لە عبداللەی کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پیاوێک پرسیاری لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد: چی کردەوەیەک لە ئیسلامدا باشترین وچاکترینە؟ -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «خواردن ببەخشیت، وسەلام بکەیت لە هەرکەسێک بیناسیت یان نەیناسیت».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری لێکرا: چی کردەوەیەک لە ئیسلامدا باشترین وچاکترینە؟ ئەویش دوو کردەوەی باسکرد: یەکەم: خواردن بەخشین بە هەژارەکان، ئەمیش خێرکردن ودیاری ومیواندارى و وەلیمە دەگرێتەوە، وفەزڵی زیاتر دەبێت لە ڕۆژی برسێتی وگرانی. دووەم: سەلامکردن لە هەموو مسوڵمانێك، ئەگەر بیناسیت یان نەیناسیت.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5808

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee